# سکاڵا

بارگەت تێکنا و
بێ ماڵاوا .. دەرگات داخست..
لەو رۆژەوە من بێئاگام.

بارگەت تێکنا و
بێ ماڵاوا .. دەرگات داخست..
لەو رۆژەوە من بێئاگام.
گوناهی من بوو
کەچی ئێستا ترووسکەیەکیش شکنابەم..
تەنیا و تەنیا
پەنا بۆ یادگارییەکانت دەبەم.
یادگارییەکان دەبنە پەڵهەورێک و
لە یەک کاتدا دێن و دەڕۆن..
جارێک لە گەرمەی خەومدا
جارێکیتر لە شیرنەخەو
واگامدێنن ،
زۆرجار دەبنە لێزمەی باران
سەرتاپای گیانم تەڕدەکەن..
هەر ئەو تەڕبوونی گیانانەش
نەختە.. نەختە، داری تەمەنم ئاودەدەن ،
هەندێ جاریش
یادگارییەکان دەمتوێننەوە..
لەوکاتانەی دەتوێمەوە
هەرگیزاو هەرگیز نامەوێ زیندووبمەوە..
زیندووبوونەوە برینێکە و سارێژ نابێ.
دەوەرەوە
دەرفەتێکیترم بدێ و لێمتێبگە
جا ماڵاوا..
تامنیش تەنیا بۆجارێک
تەنیا جارێک بڵێم:
دوێنێ .. کەسێک .. هەبوو .. خۆشم .. دەویست

پایزە ئەحمەد